کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-1-2007 19:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سلێمانی بەرەو کوێ؟ ... د. ناصح قەرەداغی

ئێستا باسکردنی ئەوەی کە بارودۆخی خزمەتگوزاریەکان لە سلێمانی لەم یەك دوو ساڵەی رابوردوودا بەرەو خراپی چووە لای خەڵك کۆن بووە. لەکاروەستانی پرۆژەکان، کەڵەکەبوونی زبڵی سەرجادەو کۆڵانەگان، تاسەو قۆرتی چەندساڵەی شەقام وشۆستەکان، بێئاویی گەڕەکەکان. . . لەهەمووش ئاشکراتر (بە مەحەکی ڕای گشتی) بۆڵەوخورتەی ناو دیوەخان و چاخانە و تەکسی و پاسەکان هەموو بەڵگەی ئەم راستییە تاڵانەی ئەمرۆی سلێمانین.

ئایا ئەم سلێمانییە کە لەوەتی من بیرم دێ، دیارە پێش بیری چل ساڵەی منیش، هەمیشە نازیوە بە جوانی و پێشکەوتن و پێشکەوتنوازی و کوردایەتی و قوربانی داندا، ئایا ئێستا پێی ناوەتە سەرەتای قۆناغی کربوون و پاشەکشەکردن لە خەونەکان؟ ئایا کەشتیی نوح بۆ ئایندەیەکی نادیار لەم گێژەنەدا سەرگەردان دەبێت یا کاربەدەستانی دەرس وەردەگرن و بە لەخۆبوردن و قوربانی دان، وەك کوردێکی دڵ ساف، نەك بە پشتبەستن بە غورور و هۆنینەوەی سەروەرییەکانی رابوردوو، چاکی هیممەتی لێ دەکەن بەلاداو بە دانانی بەرژەوەندییەکانی شار و خەلکەی لە سەروو هەموو شتێکەوە، هەوڵ دەدەن رەوتی پیرەکەشتیی نوح بەرەو کەناری ئارام بەرن.

یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە چەند مانگێکی بەسەردا تێپەڕیوە و ناکرێ هەموو کێشەکانی سلێمانی بخەینە ئەستۆی هەولێر بەتایبەتی کە هەندێ لە وەزارەتە گرنگەکان هێشتا لە سلێمانی ماون. ململانێی نێوان بەرپرسەکانی سلێمانی و فرەکوێخاییی لای کەس شاراوە نیە. ئەم هەڵبژاردنەی دوایی یەکێتیشی ئەوەندەی تر ئەو ململانێیەی زەق کردەوەو رەنگە ئاگری هەندێ کێشەی داهاتووشی خۆش کردبێ. سلێمانی ئێستا نابێ لە جوغزی سەروەرییەکانی رابوردوودا ئەسیر بێ بەڵکوو ئەبێ چاوی لەمرۆ و لە داهاتوو بێ. ئێستا کاربەدەستانی سلێمانی پێیان خۆش بێ یان نا، ئەبێ قبووڵی ئەوە بکەن شارەکەیان لە رووی ئیدارییەوە شاری دووەمە لە هەرێم و پێویستە چاویان لە هەولێر بێ ئەگەر بیانەوێ کاروباری خەڵکەکەیان باش (بە ستانداردی کوردستان) بروات بەڕێوە. ئەمەش بەمانای کەمدەستی نییە بەڵکو تەنیا بارێکی ئیدارییە و ناکرێ سلێمانی شارێکی خودمختار بێت لە هەرێمێکی سێ شارەی چل و چەند وەزیرەدا، ئەگەر نیەت لە یەکگرتنەوە پاك بێ.

بەڵام گرفتی کوردستان لەوەدایە حیزبایەتی حوکم دەکات و هی سلێمانیش ئەوەیە لەسەر یەکێتی حسابە و یەکێتیش حەوت سەری هەیەو حەوت سەودا! پارتیش کە ئێستا لە پایتەخته و بارەگای حکومەتی لە کنە نە دەستی ئەروا لە سلێمانی و نە رەنگە ئەوەندەی شارەکانی تریش بیەوێ یا بتوانێ مشووری بخوا. بەڵام لە بارودۆخی وەك ئەمرۆی عێراق و کوردستاندا، کە دەرفەتی گەندەڵی بۆ پیاوی خۆی ئاسان دەست دەکەوێ و زووش تەشەنە دەکات، بە بۆچوونی من، مەرکەزییەت رەنگە چارەسەرێکی گونجاو بێ. پتەو بوونی دەستەڵانی حکوومەتی هەرێم و یەکخستنەوەی یاسا و رێنمایی و دەسەڵاتەکان نەك هەر بۆ رێکخستنی ئیدارە و کاراکردنی بەڵکوو بۆ ئەمرۆ و ئایندەی میللەتیش پێویستە.

لە شارێکدا کە جاران یەك پایزگار دەی برد بەرێوە ئەمرۆ ئەوەندە دەستەڵات و ئۆرگانی هاوشێوە و هەندێ جار هاو پلە هەیە، ئەوەندە پۆستی ناپێویست داتاشراوە، کاروبار و بەرپرسیارێتی وەك گڵلۆڵەی هەڵوەشاو بەیەکدا ئاڵاوە و خاوەن پۆستەکان خەریکن ئەمبازی یەکتر دەبن. ئاخر ئەگەر پارێزگا کێشەی هەبێ لەگەڵ شارەوانی چۆن ئیشی شار باش ئەروات بەرێوە؟ ئەگەر هەر کاربەدەستێك پشتی بە تەرەفێك قایم بێ، چۆن ئەتوانن بە دڵ دەست بخەنە ناو دەستی یەك؟؟ ئەگەر پارێزگار لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێمدا شەرەدەنووکی بێ چۆن بەتەما دەبێ هەولێر پشتگیریی لە شارەکەی بکات؟؟؟ بەڕای من هەر ململانێیەك لەو ئاستانەدا بە زیانی شارەکە تەواو دەبێ و نابێ روو بدات. ئەگەر

بیانوویەك هەبێ بۆ بەشەڕهاتنی پارێزگار، بۆ نموونە، لەگەڵ بەرپرسێکی ئاوا بەرزدا، ئەوا پێویست بوو شەڕەکە لەدەرەوەی پۆستەکەیدا بکات. ئێستاش کە کار لە کار ترازاوە ڕەنگە لە بەرژەوەندی شاردا بێت کە دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە. ئەگەر بەرژەوەندی شار و خەڵکەکەی سەنگی مەحەك بێ، ئەوا هەموو ئەو بەرپرسانەی کە ڕۆژانە بە تەن تانە و تەشەریان بۆ ڕەوانە دەکرێ و خۆیانی لێ کەڕ دەکەن، پێویستە دەست لەکار بکێشنەوە. بەڵام کێ لای ئێمە ئەو دڵەی هەیە کە ئەگەر زۆر یا زەمانە یا تەنانەت شایستەیی لەسەر کورسییەکی دەستەڵات داینا، بە خواستی خۆی مەرد و مەردانە دەستبەرداری (ئەو نیعمەتە) ببێت، ئەگەر بەرژەوەندیی خەڵك وای پێویست کرد!!

دوورنمای بارودۆخی سلێمانی ڕەنگە وا ڕوون نەبێ چونکە بەستراوە بە یەکپارچەیی یەکێتی و یەکبوونی کوردەوە. یەکگرتنەوەی کورد جارێ هەر رواڵەتە. ساڵانی ڕابوردووی ململانێی ناو یەکێتی و ئەم هەڵبژاردنەی دواییش زۆر دڵخۆشکەر نەبوون بەرەو ئەوەی دەستەڵاتێکی پتەوی یەك دڵ و یەك دەست لە سلێمانیدا بێتە گۆڕێ و کاروباری شار ڕێك بخات.

بەهەرحاڵ چارمان نیە، هەر ئەبێ ئومیدەوار بین. ئەبێ هیواخواز بین کە هەرێمی کوردستان بە ڕاستی ببێت بە یەك هەرێم و حکوومەتی (هەموو کوردی) هەرێم بتوانێ دەسەڵاتی خۆی لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەڕێوەبەرێت و دانانی کاربەدەست لەسەر بنەمان لێهاتوویی و دڵسۆزی بێ و خزمەتگوزاریش بە پێی پێویستی دەستەبەر بکرێت بە بێ گوێدان بە شوێن و حیزب وخێڵ و کەسایەتی.

وێنەکان کوردستان نێت دایناون. *****




2006 10 21